

## گۆڕانخوازەکانی گەرمیان هەڕەشەی دروستکردنی گۆڕانێکی تر دەکەن

10/11/2010

پ. هاوڵاتی

ژمارەیەکی زۆر لەلایەنگرانو هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەرمیان، ڕەخنە لەشێوازی ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەکە دەگرنو چاوەڕوانی وەڵامی نەوشیروان مستەفا دەکەن بۆ داواکانیان، هەڕەشەی ئەوەش دەکەن ئەگەر وەڵامەکە قەناعەتیان پێنەهێنێت، ئەوا مینبەری ئاڕاستەی ئایندەی گۆڕان دروستدەکەن.

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان لەکفری کە ئێستا بەشداری ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەکە ناکات، بەهاوڵاتی وت"مەرکەزیەتی خراپ هەیە لەرێکخستنەوەی گۆڕان، ئەمەش بوەتە هۆی دروستبونی ڕەخنەو نارەزایی لەلایەن خەڵکانی دڵسۆزو گۆڕانخوازو مەترسی دەکەن ئەو مەرکەزیەتە گۆڕان بەرەو حیزبێکی تەقلیدی وەك یەکێتیو پارتی ببات."

ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، ئاشکرای دەکات کە وەکو نزیکەی شەست گۆڕانخوازی سەربەخۆی گەرمیان، سەردانی نەوشیروان مستەفایان کردووەو یاداشتێکیان رادەستی کردووە، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

هەروەها وتی"ئەگەر وەڵامەکەی نەوشیروانو هاوڕێکانی قەناعەتی لامان دروستنەکرد، مینبەری ئاڕاستەی ئایندەی گۆڕان دروستدەکەینو سەرەتا لەڕێگەی سایتێکەوە پەیاممان دەنێرینو ڕێگەکان ڕۆشن دەکەینەوە لەبەردەم بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن دا کە خەڵك خاوەنیەتی."

سەبارەت بەکاریگەری ئەو هەنگاوەیان لەسەر بزووتنەوەکە، هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان لەکفری، پێیوایە ڕێکخستنی بزوتنەوەکە بەشێوەیەی ئێستای پاشەکشە بەجەماوەرەکەی کردووە، بۆیە ئەگەر کەناڵێکی تر بکرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی بە بەرنامەو لەسەر خواستی خۆیان پشتگیری گۆڕانیان کردووە نەك لەسەر داوای باڵی ڕیفۆرم، بزوتنەوەکە سودی باشی لێدەکات.